# حوکمی باوەڕ بە کتێبەکانی خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

کۆمەڵێک لەزانایان

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الإيمان بالكتب ﴾

« باللغة الكردية »


جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

## حوكمی باوەڕ بە كتێبەكانی خوای گەورە

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى اله وصحبه الأصفياء.

خۆشەویستان ئەمەی بەردەستتان بریتیە لەكوورتە باسێك سەبارەت بەحوكمی باوەڕ هێنان بەو كتێبانەی كە خوای گەورە ناردوونی بۆ سەرجەم پێغەمبەران (صەلات وسەلامی خوایان لەسەر بێت) .

### پێناسەی كتێبەكان :

كتێبەكان كۆی كتێبن، و كتاب چاوگی ( كتب، يكتب، كتابا ) زمانی عەرەبیە، پاشان ( مكتوب  و كتاب ) بەوەوە ناونراون لە بنەمادا ناوون بۆ لاپەڕە لەگەڵ ئەوەی كە تێیدا نووسراوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَسۡـَٔلُكَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيۡهِمۡ كِتَٰبٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ﴾ {النساء:153} واتە : ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) خاوەنانی كتێب داوای ئەوەت لێدەكەن كە لە ئاسمانەوە كتێبێكیان بۆ دابەزێنیت .

كتابا : لێرەدا بەمانی پەڕاوێك دێت كە تێیدا نووسرا بێت .

مەبەستیش لە ( ك ُتُب ) لەم بابەتەی ئێمەدا : ئەو کتێب و پەڕاوانەیە کە پێك هاتووە لەگوفتار و ووتاری خوای گەورە کە وەحی و سروشی کردووە بۆ پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) " جا چی وەك تەورات بەنووسرراوی ناردبێتی، یان وەك قورئانی پیرۆز لەڕێگای وەحیەوە جوبرەئیل بەدەمیی خوێندبێتیەوە بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و پاشان وەك هەر کتێبێکی تر نووسرابێتەوە .

حوکمی باوەڕهێنان بە کتێبەکان :

باوەڕهێنان بەهەموو ئەو کتێبەکانەی کە خوای گەورە ناردوینتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکانی ڕوکنێکی گەورەیە لەڕوکنەکانی باوەڕ وبنەمایەکی گەورەی بنەماکانی دینیشە، کە باوەڕ وەرناگیرێت و جێ بەجێ نابێت بەبێ باوەڕهێنان بەم کتێبانە، ئەمەش دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەری :

بەڵگەکان لە قورئانی پیرۆز : خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴾ {النساء :136} واتە : ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام بن لەسەر باوەڕ بە خوداو پێغەمبەرەکەی و

بەو قورئانەی ناردوویەتیە خوارەوە، بۆ فروستادەکەی وە بەو کتێبانەش کە پێشتر ناردوویەتیە خوارەوە، وە هەر کەسێك بێ باوەڕ بێت بەخوا و بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی ئەوە بەڕاستی گومڕابووە بەئەوپەڕی گومڕایی.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمانی کردووە بە بەندە باوەڕدارەکانی کەبەتەواوەتی بچنە ناو هەموو باوەڕە وبەش وئەرکانەکانیەوە، فەرمانی کردووە بەباوەڕهێنان بە خوای گەورە (اللە) وبە پێغەمبەرەکەی محمد (صلی اللە علیە وسلم) وە باوەڕهێنان بەو کتێبەشی کە هاتوەتە خوارەوە بۆی کە قورئانی پیرۆزە، وەبە سەرجەم ئەو کتێبانەشی کە پێشووتر هاتونەتە خوارەوە : وەك تەورات، و ئینجیل، وزەبور، وە لەکۆتای ئایەتەکەشەوە ئەوەی ڕوونکردوەتەوە هەرکەس باوەڕی نەبێت بە ڕوکنێك لەڕوکنەکانی ئیمان ئەوە بە گومڕاییەکی تەواو گومڕا بووە، ویاخی بووە ودەرچووە لە ڕێگای ڕاست، گومانیشی تێدا نییە کە یەکێك لەڕوکنەکانی ئیمان، باوەڕ هێنانە بە کتێبەکانی خوای گەورە .

لەجێگایەکی تردا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَـٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَـٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ {البقرة :177} واتە : کرداری چاك و

کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونکە جولەکە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پڕوپاگەندەی زۆریان کرد)، بەڵکو کرداری چاك و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران ..

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەی ڕوونکردوەتەوە کە حەقیقەتی کاری ڕاست و دروست بریتیە لە : باوەڕهێنان بەو ڕوکنانەی کە باسی کردووە، لەگەڵ کارکردن بەڕەوشتی کاری خێر وچاکەی ئەو کارە باشانەی کە لەئایەتەکەدا هاتووە، یەکێکیش لەو ڕوکنانەی کەباسی کردووە باوەڕ هێنانە (بە کتێبەکانی خوای گەورە) .

(ابن کثیر) ئەڵێت : مەبەست لە (کتاب) لەم ئایەتە پیرۆزەدا سەرجەم ئەو کتێبانەیە کە دابەزیوون بۆ سەر پێغەمبەران، هەتا پەروەردگار ئایەتەکەی کۆتایی هێناوە بە پیرۆزترین وبەڕێزترینیان کە قورئانی پیرۆزە، بالادەستە بەسەر گشت کتێبەکانی پێش خۆیدا {تەفسیری ابن کثیر (297/1)} .

وە لەپێناو جێ بەجێکردنی باوەڕهێنانیش بەسەرجەم کتێبەکان، خوای گەورە فەرمانی کردووە بە بەندە باوەڕدارەکانی بانگی ئەهلی کتاب (لەجولەکە و گاورەکان) بکەن پێیان بڵێن : ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ

وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴾ {البقرة : 136} واته : ئەی (باوەڕداران) بڵێن بڕوامان هێنا بە خواو بەو قورئانەی کەبۆ خۆمان نێرراوەتە خوارەوە ، وە بەو نامەیەی کە نێرراوە بۆ ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ویەعقوب وکوڕەکانی یەعقوب ، وە بەوەی کەدراوە بەمووسا وعیسا، وە بەوەی کە دراوە بەهەموو پێغەمبەران لەلایەن پەروەدگاریانەوە ، جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێکیاندا وە ئێمە فەرمانبەر داری خواین .

ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەوە دەکات کە باوەڕداران باوەڕیان هەیە بەوەی هاتوەتە خوارەوە بۆیان بەهۆی پێغەمبەری خوداوە (صلی اللە علیە وسلم) وە باوەڕیشیان هەیە بەو کتێب و پەڕاوانەیشی دابەزیووە بۆ گشت ئەو پێغەمبەرانەی کە ناویان هاتووە لەئایەتەکەدا، وە ئەوەیشی کە هاتوەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەران بە شێوەیەکی گشتی، وە باوەڕداران هیچ جیاوازی ناکەن لەنێوان پێغەمبەراندا کە باوەڕیان بەهەندێکیان هەبێت وبەهەندێکی تریشان نەیانبێت، بەڵکو بە بێ جیاوازی باوەڕی تەواویان هەیە بەسەرجەم پێغەمبەران و ئەو کتێبانەیشی کە هاتوەتە خوارەوە بۆیان .

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش لەم بارەیەوە زۆرن وبەوەندە کۆتایی پێ دەهێنین .

بەڵگەکانیش لە سوونەت زۆرن کە باس لە واجبی باوەڕهێنان بە سەرجەم کتێب وپەڕاوە ئاسمانیەکان دەکەن، باوەڕهێنان پێیان ڕوکنێکی گەورەیە لە ڕوکنەکانی ئیمان، ئەوەیشی بەڵگەیە لەسەر ئەمە فەرموودە بەناوبانگەکەی جوبرەئیلە کە هات بۆلای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وپرسیاری ڕوکنەکانی ئیمانی لێکرد، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) لەوەڵامیدا باسی : باوەڕهێنان بەسەرجەم کتێبەکانی کرد لەگەڵ باوەڕهێنان بە ڕوکنەکانی تری ئیمان، کە پێشتر بەووردی باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد و پێویست ناکات جارێکی تر لێوەی بدوێین .

بەمەش ئەوە ڕوون بوویەوە کەباوەڕ هێنان بە سەرجەم کتێبەکان واجبن لەسەر باوەرداران، وە باوەڕ بەوەش کە هەموویان لەلایەن خوای گەورەوە بەهەق وبۆ هیدایەت دانی مرۆڤەکان وڕێگا ڕووناك کردنەوەیان دابەزیوون بۆ سەر پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت)، وە هەرکەس بەدرۆیان بزانێت (پێش دەستکاری کردنیان) یان ئینکاری شتێکیان بکات ئەوە بێباوەڕ بووە بە خوای گەورە ولەئاین دەرچووە .

سوود وبەروبوومی باوەڕ بە کتێبەکان :

باوەڕ بە کتێبەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر باوەڕدار، لەوانەیش :

1-شوکر وسوپاسی خوای گەورە کردن لەسەر ئەو لوتف وڕەحم و میهرەبانیەی کە کردویەتی لەگەڵ دروستکراوەکانی وگرنگی پێدانیان، بەوەی ئەو کتێب وپەڕاوانەی بۆ دابەزاندووە تاوەکو ڕێپیشاندەریان بێت وئیرشادیان بکات بۆ خێر و چاکەی دونیا ودوارۆژیان .

2-دەرکەوتنی حیکمەتی خوای گەورە ومیهرەبان، بەوەی پەروەردگار لەم کتێبانەدا بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك ئەوەی پێویستی کردبێت بۆیان لە شەریعەت وبەرنامەی ژیان لەکاتی خۆیدا بۆی ناردوون، وە کۆتا کتێبیشیان قورئانی پیرۆز بوو کە شایانی هەموو دروستکراوەکانیەتی لەهەموو چەرخ وسەردەم وجێگایەکدا هەتا رۆژی دوایی .

3-ئیثباتکردن و جێگیرکردنی صیفەتی کەلام بۆ خوای گەورە، وە باوەڕ بەوەیش کە کەلام وگوفتاری ئەو لەکەلام وگوفتاری دروستکراوەکانی ناکات، وە سەرجەم دروستکراوەکانیش دەستەوسانن لەهێنانی شێوەیەك لەم قوئان وکەلامی خوای گەورەیــە.